www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 8-2-2007 23:26

# نەورۆز ... شێرکۆ ئەحمەد

لەسەر شۆستە زستانێ کە
سەرنجت بۆ بەر پێ دەڕوا و
خشەی زەردی پایزی
دەم کزە با و
کرتەی شکانی
چەند چڵ و
کرمەی بەفری ژێر پێکانت
ئاوڕت پێ دەداتەوە..!!
لە ڕۆژانێ کەتێ پەڕین و.. نەتبیستن!
لە ڕۆژانێ کەنەزانرا
چۆن دەرباز بوون،
دەست و بەنچەت دەشاریەوە و
هەنگاوی کورتت.. دەهاوی
دوای سەرنجێک لە درەختی سەر ڕێگا کە.
کاتێ سەرما
میوانی ئەم شارە دەبێ
من ئارەزووی پیاسەم دەبێ و
ئەم درەختە،
سەر شێتانەش!!
خەریکی قژ ڕنین دەبن،
یا خوود خۆ ڕووت دەکەنەوە
ئەوان..
شان و باڵی لوسیان
بە تارای بەفرین دەپۆشن
گۆزەی سپی لە شان دەکەن
گوارەی شوشە ئاسای سەهۆڵ
دوای خۆر هەتاو
وەک ئارەقە
پڕ بریسکە
لە گوێ دەکەن
لە دامێنی زریێشیاندا
ئارایشت بە وردە تەرزە و
گوڵی لۆکەی بەفری تازە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

8-2-2007 23:26 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

باریوو دەکەن
چونکێ ئەوان..
نەنکم ئاسا
دڵیان گەرمە و عەشق دەکەن
چونکێ ئەوان..
نەنکم ئاسا
ژیان لە ڕەگ
لە ژێر پێستی لەشی تونديان.. سەوز دەکەن
بۆ لە دایک بونێکی تر
بۆ.. بەهار
بۆ سەرەتای ساڵی تازە
بۆ.. نەورۆز.

sherko@hotmail. it
08/02/2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.